# سووڕەی جین ٢٨ ئایەتە

**سووڕەی جین لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٢٨ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

بڵێ: پێم ڕاگەیەنراوە، چەن کەسێ لە جنۆکەکان گوێیان هەڵخست، ئەوسا وتیان: ئێمە قورئانی سەیرمان بیست ﴿١﴾ بۆ ڕێگای ڕاست ڕێنوێنی دەکا، جا ئێمە بڕوامان بەو هێناوە و هەرگیز کەسێ ناکەینە هاوبەش بۆ پەروەرێنەرمان ﴿٢﴾ شکۆ و گەورەیی پەروەرێنەرمان لەوە بەرزترە، هاواڵ و خێزان و منداڵ بۆ خۆی وەربگرێ و وەرینەگرتوە ﴿٣﴾ گێلەکانمان لەبارەی خوا قسەی پووچ دەکەن ﴿٤﴾ وامان دەزانی کە بەرەی جنۆکە و مرۆ لەبابەت خواوە هەرگیز درۆ ناکەن ﴿٥﴾ دەمانزانی پیاوانێ لەبەرەی مرۆڤ بە پیاوانێ لە جنۆکە پەنایان دەبرد، ئەوانە ئەبوونە هۆی زیادبوونی لاڕێیی و ملبادانیان و سەرکێشییان پتر دەکەن ﴿٦﴾ ئەوانیش هەروەکوو ئێوە لایان وا بوو هەرگیز خوا هیچ کەس زیندوو ناکاتەوە ﴿٧﴾ ئێمە (ی جنۆکە) گەیشتینە ئاسمان و دیمان پڕە لە پاسداری توند و سەختگیر و ئەستێرەگەلێ ڕادەخوشن ﴿٨﴾ ئێمە لەو جێیانەدا کە بۆ گوێ ڕاگرتن ئەبوو دانیشین، جا هەرکەس ئێستا و لەمە بەولا گوێ ڕابگرێ مەشخەڵێکی دەبینێ لە بۆسە و کەمینی خۆیدایە ﴿٩﴾ ئێمە نازانین کە ئایا بۆ کەسانێ کە لە ڕووی زەوین بڕیاری خراپ دراوە و بەڵا لەبەرچاو گیراوە یان پەروەرێنەریان دەیەوێ بیانباتە سەر ڕێی ڕاست و ڕێنوێنییان بکا ﴿١٠﴾ بێ‌گومان هەندێ لە ئێمە چاکن و هەندێ غەیری ئەوەن، ئێمە دەستەگەلێ جۆراوجۆرین ﴿١١﴾ ئەمانزانی کە دەرەقەتی خوا نایێن و ناتوانین خوا لە زەوی بێ‌هیز بکەین و بە هەڵاتنیش ناتوانین خوا بێ‌هێز بکەین و لەدەس خوا ڕزگار بین ﴿١٢﴾ ئێمە کاتێ ڕێنوێنی (قورئان)مان بیست، بڕوامان پێ‌هێنا، جا هەرکەس بڕوا بە پەروەرێنەری بێنێ، نە لە کەم بوونەوە دەترسێ و نە لە غەدر لێ‌کردن ﴿١٣﴾

دکتور سالح ئیبراهیمی



تـاقمێ لە ئـێمە موسـوڵمان و تـاقمێکیش لەرێ لادەر، ئەوانەی موسـوڵمانن و خۆیـان داوە بە دەسەوە، ڕێگای ڕاستیان هەڵبژاردووە ﴿۱۴﴾ ئەوانەیـش کە لە ڕێگـای ڕاس‌لایـان داوە، ئەبـنە ئێزنگ و دار و دەسەچیلەی دۆژەهـ ﴿۱۵﴾ ئەگەر ئەوانە (جن و ئینس) لەسەر ڕێگای (ڕاسـت) بمێننەوە، بە ئاوێ زۆر تێر ئاویان دەکەین ﴿۱۶﴾ تـا ئەوانە بەوە تـاقی‌بکەیـنەوەو هەرکەس لە یـادی پەروەرێـنەری ڕوو بسـوورێنێ، خـوا دەیخـاتە عەزابـی سـەختەوە ﴿۱۷﴾ مزگەوتەکـان تایبەتی خوان، جا لەگەڵ خوا هاوار بۆ کەسێ‌تر مەبەن (کەسێ‌تر مەپەرستن) ﴿۱۸﴾ بەڕاسـتی کاتێ کە بەنـدەی خـوا (مـحەمەد) بـۆ عیبـادەتی خوا هەڵدەستا و هـاواری لە خـوا دەکـرد. خوانەناسان لێی کۆ دەبوونەوە هەر وەختابوو لەسەری ببنە پارچەیەک ﴿۱۹﴾ بڵێ: تەنیا هـاوار لە پەروەرێنەرم دەکەم و دەیپەرستم، هیچ کەسێ نـاکەمە هاوبەشـی ﴿۲۰﴾ بڵـێ: مـن زیـان و ڕێنوێنیم بۆ ئێوە بە دەس نییە ﴿۲۱﴾ بڵێ: هیچ کەسێک نییە کە لە ڕاست خـودادا بمپـارێزێ، بێجگە لەو پەناگایەکم بۆ نییە ﴿۲۲﴾ (هیچم بە دەس نییە) مەگەر ڕاگەیاندن لە لایەن خواوە، گەیاندنی پەیامی ئەو، هەرکەسیش بێ‌فەرمانی خوا و پێغەمبەری ئەو بکا، ئاگری دۆژەهـ بـۆ ئەوە، بۆ هەمیشەش لەوێدا قەتیس ئەمینـێ ﴿۲۳﴾ تـا کـاتێ کە ئەوەی بەڵێنیـان پـێ‌درابـوو ببینن، جا ئەوسا ئەزانن چ کەسێ یاوەرانی کز و بێ‌هێزتـر و ژمارەیـان کەمتـرە ﴿۲۴﴾ بڵـێ: من نازانم کە ئایا ئەو بەڵێنەی کە بە ئێوەیان داوە، نێزیکە یا پەروەرێنەری من بـۆ ئەوە مەودا و زەمانێکی داناوە ﴿۲۵﴾ خوا زانا بە نادیار و غەیـبە و نهـێن و غەیبـی خـۆی بـۆ هـیچ کەس دەرناخا و ئاشکرای ناکا ﴿۲۶﴾ مەگەر ئەو پێغەمبەرەی کە لێی ڕازیـیە، (بـۆ پاراسـتنی ئەوو پارێزەرانی لە پێش و لە پشت سـەری بـۆ دائەنـێ ﴿۲۷﴾ تـا بزانـێ کە پێغەمبەرانـی پەیـامی پەروەرێنەریـان ڕاگەیانـدووە، خـوا بە هەمـوو شتیشـیان دەزانـێ و هەمـوو شتێکیشـی بە هەژمارەدە ڕاگرتووە ﴿۲۸﴾



Dr. Saleh Ebrahimi